ئەعرەجی لەگەڵ فوئاد حسێن باس لە ڕۆڵی دیپلۆماسی عێراق دەکات لە پرسە هەرێمایەتییەکان

ئەمڕۆ پێنجشەممە، قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لەگەڵ فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوە کۆبووەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵەع کەوتووە،بەڕاویکردەوە،لەو کۆبوونەوەیەدا پێداچوونەوە بە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کرا، هەروەها ڕۆڵی دیپلۆماسیەتی عێراق لە کرانەوە بەڕووی وڵاتانی جیهاندا.

وتیشی ئەعرەجی ستایشی ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی کرد لە سیاسەتی کراوەیی و نزیکبوونەوە لە پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە حیکمەتەوە و بە نزیککردنەوەی دیدگاکان، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەی بپارێزێت.